# بێئەزموونی لە دادگایی ( تاڵەبانی ) دا

هێمن ڕەئووف
www.hemnrauf.kurdblogger.com



لە کوردستان و عێراقی ئەمڕۆدا دادگا بێلایەن و سەربەخۆ نییە ، کەواتە بەرژەوەندییە تاکە کەسی و سیاسییەکان ئاراستەی بڕیارەکان دیاری دەکەن . " عەلی کیمیایی و سوڵتان هاشم " لە "سەدام و بەرزان" تاوانبارترن ، بەڵام سوپای ئەمریکی ئامادە نییە ئەو دوو جەلالاتە تەسلیم بە دەوڵەت بکات ، کاتێک" کەمالی سەید قادر" گیرا سی ساڵ حوکم درا ، دواتر بە ئەمری سەرۆکێکی تر دوای چەند مانگێک ئازاد کرا ، ئەمانە ئەوپەڕی گاڵتەجاڕی بوو بە یاسا . کەواتە دادگایەکی دادپەروەری بەدەسەڵات لەو وڵاتەدا نییە . هەر بڕیارێکیش کە دەدرێت مەرجەعێکی سیاسی لەپشتەوەیە ، ئیتر هەندێ جار لە بەرژەوەندی من و هەندێ جار لە بەرژەوەندی تۆ و ئەودا تەواو دەبێت .

کاتێک هاوکێشەیەکی لەم شێوەیە سیستەمەکە وەگەڕ دەخات، ئیتر خۆ بەستنەوە و پشت بەستن بەو جۆرە دادگایە هیچ گرنگییەکی نیە ، چوونکە ئەنجام دیارە و دەزانین چی روو دەدات .

بەم پێیە دادگاگرتن لە تاڵەبانی هیچ خزمەتێکی تیابەدی ناکرێت بۆ دۆزی ئەنفال و جینۆسایدکراوان ، بگرە کەلێنێک لە خۆدا درووست دەکات کە دوژمنان دەخاتە پێکەنین . ئەم هەنگاوە وەک ئەوەیە لە بیابانێکدا لەتینواندا لە پەلوپۆکەوتبیت ، بەدەستێکیش ووردە ووردە مشتەخۆڵ لە گەرووت بئاخنی .

"" تاڵەبانی لەتەنیشتییەوە بارزانی ""
هەردووکیان بە شەڕێکی خوێناوی براکوژی تاوانبارن ، هەردووکیان بە کەمتەرخەمی لە هەڵوێستی ئازایانە تاوانبارن ، بە پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆیان و خێزان و پارتەکانیان لەسەر حسابی داخوازییەکانی میللەت تاوانبارن . خوازیارم لە دادگایەکی کوردانەی دادپەروەردا بە خۆیان و پیاوەکانیانەوە ملکەچی دادگا بکرێن . نەک لە ناو ئەم ئەزمە نەتەوەییەدا کە چواردەورمان بە سەگ و گورگە برسییەکان گیراوە ، ئێمە بێین جلوبەرگەکانمان لە خۆمان بکەینەوە بۆ بەردەم کەڵبەی تیژی دڕندەکان . ئەمە نەفامیی و بێئەزموونیمان دەردەخات .

"" تاڵەبانی لە تەنیشتییەوە بارزانی""
بە بەفیڕۆدانی سامانی میللەتێکی مافخوراو تاوانبارن ، بە پاوانی کردن بۆ داگیرکەران ونانەوەی فیتنەیەکی گەورە لە نێوان هاونیشتیمانیانی کوردستاندا تاوانبارن . خوازیارم لە دادگایەکی کوردانەی بەتوانا و دادپەروەردا دادگایی بکرێن و بە هەقی خۆیان بگەن . نەک لە تەنیشت عەرەبێکی بێهۆش و هەست لە ئاست هەموو نەهامەتییەکانی تۆ، بەیەک چاو و بەیەک نیگا بۆیان بڕوانین و بەیەک نامە داوایان بکەین بۆ دادگا .

" تاڵەبانی " مافی ئەوەی نییە تاوانباران لەدەستی یاسا ڕزگار کات ، بەڵام ئەمریکییەکان توانای

ئەوەیان هەیە !!!! ئەوەتا بەچاوی خۆمان ئەیبینین . ئەی کامە دادگا لە سوپای ئەمریکی بگرین بۆ هێنانە دەرەوەی تاوانباران لەو قەفەزە سیاسییە ؟؟

" تاڵەبانی " بە هەڵوێستێکی لەو جۆرەوە شۆڕ دەبێتەوە بۆ ناو مێژوو ، دەشێت داهاتوو وەبیر خۆمانی بهێنینەوە ، ئەم پەڵەیە هەر دەمێنێ !!! ئەی ئەمریکییەکان و عەرەبەکان لە کوێ دەبینیتەوە لە داهاتوودا ؟ بۆیە لە ئێستادا کاتی دەربازکردنی نەتەوەکەمانە لەو قەیرانە هەرێمایەتییەی کە تێی کەوتووە ، ئەویش بە هەوڵ و کۆششی دیبلۆماسی لەسەر ئاستی جیهان و وڵاتانی ئاشتی پارێز و ڕێگاگرتن لەهەر هەوڵێک بۆ توندوتیژی

ئەم بەردە هیچ گەورە نیە و هیچ سەنگێکیشی نیە ، چونکە وجودی نیە و بەتاڵە . نە دادگا هەیە و نە دادوەر ، ئەمەی ئەم هاوڕێیانە خۆیانی پێوە بادەدەن هیچ گرنگییەکی بۆ دۆزی ئەنفال و خزمەتکردنی گەلەکەمانی تێدا نیە . تەنها بۆ خۆدەرخستن و پێشاندانی ناوەکانیانە لە کۆتایی نامەکاندا .

ئەم نەفامی و بێئەزموونییە وایکرد ، لەسەرەتای چەکەرەکردن و دەرکەوتنماندا بلانسی خۆمان لەدەست بدەین و هەست بەوە نەکەین هێشتا لە سەرەتاکاندایین .
هەر ئەم نەزانییەمان بووە هۆی لێکترازان و تێکشکانی ئەم ڕەوتە نوێیە کە زۆری نەمابوو مەشخەڵی کاروانێکی نوێی تێکۆشان بگرێتە دەست و لەم (چاک) ەدا خۆی پێشان بدات .

هاوڕێیەکی ئێمە گوایە دەڵێت دادگاییکردنی تاڵەبانی لە توانای ئێمەدا نییە :
ئەمە وانییە هەموو کەس دەتوانێت داوایی یاسایی لەسەر تاڵەبانی و لەو گەورەتریش تۆمار بکات ، ئەم کارە لە ڕویی یاساییەوە هیچ ئەرکێکی ناوێت . تەنها نامەیەکە ، وەلێ ئەگەر دادگا نەبێت چی؟؟؟

زەمانی شاخ هاوڵاتیەکی گوندیی نانی دابوو بە پێشمەرگە بە قەرز ، ساڵی پار داوای یاسایی لەسەر مەسعود بارزانی تۆمار کرد و داوای هەقی خۆی کردووە . کەواتە ئەمە کارێکی گران نییە ، تەنها کێشەکە نەبوونی سەروەری یاسا و گاڵتە جاڕیی ئەو دەسەڵاتە بێدەسەڵاتەیە .

مەهزەلەیە دوای بێهودەیی بکەویت ، ئەوەی لە ئارادا بوو هەرایەکی پوچ و بێبەرهەمە . نەبەردی گەورەیە و نە ڕوخاندنی دیواری ترس . وچانێکی تری خۆ خلافان و دواکەوتنە لە بەدیهێنانی سەروەری .

پێشنیار دەکەم :
ئەوانەی دەیانەوێ دیواری ترس بروخێنن ، با وێرانەکان وێرانتر نەکەن . ئەوە جیهانێکی ئارام چاوەڕوانی جموجوڵی بزێوەکانە ، شانسی بە مرۆڤایەتی کردنی کارەساتەکانمان زۆرە . ئێمە گەورەترین قوربانی سەردەمێکین کە دواهەمین پاکتاوی نەژادیمان چەشت . چەکێک لەدەستماندایە سنور دەچێنێت و مرۆڤ دروست دەکات ، با هەوڵ بدەین ئەم هەلە لەدەست نەدەین با بەرۆکی پارت و ڕێخراو و کەسایەتی و حکومەتو دارودەستەکانی دنیا بگرین و خۆمانیان بۆبخوێنینەوە .

با ناوەندی چاک و ئەو هاوڕیانەی جیابونەوە(چاک . بێ) ئەگەر لە دوو جەستەشدا خۆیان پێشان دەدەن ، ئازایانە هەڵمەتێک بۆ ناساندنی دۆکۆمێنت و بەڵگەنامە گەورەکان بکەن . با هەوڵ بدەن بۆ درووست کردنی گەنجی کورد لەسەر داهێنان و بنیاد نانەوە ڕابهێنن . نەک پێشاندانەوەی مەحشەری کوشتن و برین و سەرپەڕاندن و پیاوخۆری و لێدانەوەی ئەو قەوانەی لە قورێکدا چەقاندونی ناهێڵێ هەنگاوێ بۆ پێشوە هەڵبێنین .

ئێستا خۆپیشاندان و بەردگرتنە دەرگای سەفارەتەکان چالاکیی نین ، تازە مۆم داگیرساندن و شینو واوەیلا بەس نییە بۆ هەڵەبجە و ئەنفال و عامودا و زەردەشت و قامیشلۆ. بەڵکو دەبێت خۆمان بناسێنین ، دەبێت دۆکۆمێنتەکانمان زیندوو ڕابگرین . چەندان منالی بێدەست و قاچ قوربانی کارەساتەکانی ئێمەن ، چەندین کور و کچ و ژن و پیاو و مندالی ئێمە لە ناو نەخۆشییە درێژخایەنەکاندا دەتلێنەوە . هێنانی مندالێک بۆ چارەسەر هەزار جار بەقەد دادگایی تالەبانی دڵخۆشکەرە بۆ خەڵکی قوربانی و بەشمەینەتی کوردستان .سەلماندنی ڕاستییەکانی دۆکۆمێنتێک لەبەر دەم یاساکانی جیهان وپێشاندانی بە حکومەتەکانی جیهان کاری هەنوکەیی و پڕ بەهایە . ئەمە کاری ڕێخراوێکی مرۆڤ دۆستی دژ بە جەنگ و دژ بەکوشتن و برین و جینۆساید و نەهامەتییە . نەک هەڵکردنی ئالای ڕەشی ترسێنەر و تۆقێنەر کە تەنها تۆڵەسەندنەوە و خوێن ڕشتن پێشانی نەوەکانی داهاتوو بدەین .